# چەند تابلۆیەک لە ئێراقی نوێ کە پشتگیری ئەکرێ لەلایەن حکومەتی تازەی ئێراق بە پشت بەستن بە بڕگەکانی دەستور

مەحموود محەمەد عوسمان



ئەم رەسمەی خوارەوە ، ریکلامەیە بۆ فرۆشتنی هەموو جۆرەکانی ئامێری خۆکوشتن و لەت لەتکردنی جەسەد ، دیقەت بدەن ، لە پێناوی پارە ، بەهەر شێوەیەک بێت بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە ،بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن دەسەڵاتەوە پیرۆزبایی لێبکرێ و ئەجری بۆ بنووسرێ و دەستوریش بە بڕگەیەک پشتگیری لێبکات .



ئامەدەن ترس و باوەڕنەبوون بچێنن ، ئامەدەن تابلۆیەک بۆ دوورخستنەوەی ئینسان لە رەوتی شارستانییەت دروست بکەن ، ئامادەن لەجیاتی فرشەی وێنەکێشان و پێنووس ، قامەو تەور و زنجیر بەکار بهێنن ، وە لەجیاتی گۆرانی و مۆسیکی مۆدرێن و باس لە سۆزی ئینسانی و سرودەکانی بەرجەستەکردنی پەروەردەیەکی لایەق بە مرۆفی ئەم سەردەمە ، هاوار ئەکەن وەرن ئێمە شێوەنمان لایە ، وەرن پەیوەست بن بۆ رووەمەت رنین و خۆفیداکردن بۆ مێژو و خرافە و موقەدەس . وەرن با خوێن بڕژێ لە شەقامەکان نەک بۆ ئازادی نەک بۆ حورمەتی ئینسان نەک بۆ بەرز بونەوەی رۆحی هاوتەریب بوون لەگەڵ پێوەستییەیەکانی ژیان . بۆ ئەوەی بڕگەیەک لەبڕگەکانی مێژو بچەسپێ کە سەرتاپا نوقمە لە بێوژدانی بەرامبەر مرۆف ، سەرتاپا هەموو شتە جوانەکانی تێکلاوبوونی سروشت و مرۆف ئەسریتەوە .
خۆ وڵاتە سەرمایەدارەکانی جیهانیش پێش ئەمان کەوتوون لە ریکلام کردن بۆ لەناوبردنی ئەم کائینە کۆمەڵایەتییە ، بەڵام بە جۆرە مۆدرینەکەی . ئەو هەموو پارەیە خەرج ئەکەن ، ئەگاتە ملیارەها دۆلار بۆ پێناسەکردنی فرۆکە جەنگییەکان و تۆپ و تفاقی جەنگ، بۆ باسی دیقەت و بەتوانای ئەو فرۆکانە لە دورخستنەوەی باوک و دایک لە جگەرگۆشەکانیان ، لە کوشتنی پەیوەندی خۆشەویستەکان ، لە چۆنییەتی وشککردنی هەموو گوڵەکانی سروشت ، لە فەنا کردنی خەونەکان .
بەڵی هاوار ئەکەن ئەم جۆرە بە زوترین کات و بە فراوانی بێوێنە ئەتوانێ مەرگ ببارێنێ بەسەر

ئەوانەیش که هێشته له خەم و شادیش تێناگەن .

ئەم ڕەسمی دووەمه . نه شەڕه گەڕەکه و نه شەڕی سەردەمەکانی کۆنه ، شەڕی بڵاوبوونەوەی مەسیحی وقارەمانانی سوارچاکانی ئسپانیا و بێزەنتینییەو ئمبراتۆرەکانیش نییه ، شەڕی بەدر و ئوحدیش نییه ، فیلمەکانی یابان و خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیاش نییه .



ئەمانه رۆڵه به ئەمەکەکانی پەیرەوی دەستوری ئێراق و شەریعەتەکەیتی ، ئەمانه نامایەکیان پێیه بۆ بەردەوامبوون له زاڵبوونی دونیای داخراو و کوشتن بەسەر خەڵکی ئیێراقدا ، ئەم خیتابه که له زۆربەی شارەکانی ئێراق ئەیبینین و به ئاشکرا بەیاسا و دەسەڵات و پاره پشتگیری ئەکرێ ، بۆ چەسپاندنی یاسایەکه که رەخنه و بیرکردنەوه له ژیانێکی تر جێگەی نابێتەوه ، بگره نامەیەکی خوێناوییه بۆ ملکەچکردنی خەڵک . ئیتر چۆن ترسمان نابێ لەوەی پەروەردەی مناڵان بەرەو کوێ هەنگاو بنا ، ئیتر چۆن ئەوەندەی تر فلمی ترسناک له راگەیاندنی دەوڵەتەوه پێشان وردیلەکان نادات ؟ ئەگەر له واقعدا ئەم جۆره نمایشکردنانه ببینرێ و دەزگای راگەیاندیش به بەرفراوانی پێشانی بدات . به بێ ئەوەی تۆزقاڵێک بیربکەنەوه چی کارتێکردنێکی ئەبێ له زهنی خەڵک و بەتایبەتی مناڵاندا .
زۆر له پسپۆرانی پەروەردەو فێرکردن رەخنەی توندیان هەیه تەنانەت بەرامبەر ئەو فلمه کارتۆنانەی که توند و تیژی پێشان ئەدات بەرامبەر ئاژەڵ و ئینسان ئەگەر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆیش بێت . لێره پسپۆرانی ئەم دەسەڵاته و شەریعەتەکەی رەنگه هەوڵ بدەن بیخەنه بەرنامەی پەروەرده و فێرکردنەوه . ئەبێ خەڵکی ئازادی خواز و ئینسان دۆست به بەرفراوانی دژ بەم کاره هەڵسن بۆ گەرانەوەی حورمەتی ئینسان .

هەندێ رەسمی تر هەبوو بەڵام بۆ ئەوەی خەفەتەکانتان ئەوەندەی تر زۆر نەبێ ، بەتایبەتی رەسمی مناڵانه که چۆن فێری ئەم شیوەنەیان ئەکەن .
سەیری ئەم سایته بکەن
www.kitabat.com